# گلۆبالیزاسیۆن، دەسەڵاتدارانی نوێی جیهان

# کورتەیەک لە کتێبی "جان زیگلر"

**و. لە فارسییەوە: جوامێر مارابی**

□ هەتا ئێستا کتێب و وتاری جۆراو جۆر سەبارەت بە جیهانی بوون، سندووقی نێونەتەوەیی دراو، بانکی جیهانی و لە گشت ئەمانە گرنگتر سەبارەت بە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. هەرکام لەو کتێب و وتارانە لایەنێک لەو ڕێکخراوە جیهانیانەیان داوەتە بەر باس و لێکۆلینەوە، بەڵام کتێبی تازەی "جان زیگلر" بە ناو نیشانی "دەسەڵاتدارانی نوێی جیهان" لە روانگەیەکی ترەوە دەڕوانێتە باسەکە. لەم کتێبەدا مێژووی گلۆبالیزاسیۆن و باقی ڕێکخراوە جیهانییەکان و دەورو نەخشی ئەوان لە دابین کردنی بەرژەوەندی خاوەنانی سەرەکی و بە هێزی ئەم دامەزراوانە لە بازاڕی جیهانیدا دەداتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هەروەها لەم کتێبەدا دەورو نەخش و خەباتی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی نێونەتەوەیی لە دژی گلۆبالیزاسیۆن بە تایبەت ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بە باشی وێنا کراوە.

"تالانکەران"

"کومیتەی کاری نەتەوەیی" ڕێکخراوێکە کە ئەرکی تاووتوێ کردنی هەقدەستەکان و پێوانە کردنیانی لەوڵاتاندا، لە ئەستۆیە. ئەم کومیتە لە

**گرێبەستەکانی نێوان ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و وڵاتان، ئاڵۆزو زۆرجار ڕەش بینانەیە. مەرجەکان و خاڵەکانی ئەم گرێبەستە جۆرێکە کە هەڵێنجان و خوێندنەوەو لێکدانەوەی جۆراو جۆری لێدەکرێ، بە جۆرێک کە زۆرێک لەووڵاتانە لە کاتی گرێبەست و ئیمزای بەڵێن نامەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بە باشی لە ناوەڕۆک و چەمکی گرێ بەستەکە تێناگەن، هەر بۆیە دوای ماوەیەک بۆیان روون دەبێتەوە کە لە ناو چنگ و پاوانی کۆمپانیا فرەنەتەوەکاندا گیریان خواردووە**

بارەی کۆمپانیا گەورەو نێونەتەوەییەکانەوە پسپۆڕەو شارەزایی باشی هەیە. لە راپۆرتێکی ئەم کومیتەیەدا هاتووە کە: بەرپرسی کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی جل و بەرگ و بیجامەی منداڵان بە ناوی "میشاڵ ئایزنز" لە هائیتی، بە رادەی دە هەزار بەرابەری کرێکارێک هەقدەست وەردەگرێت. کرێکارێکی خەڵکی وڵاتی "هائیتی" کەمتر لە یەک دولار وەردەگرێت. ئەم کۆمپانیا هاوکات پەیوەستە بە کۆمپانیای گەورەی "واڵت دیزنی" لە ئەمریکا. ئەم کۆمپانیا ماوەیەک لەوە پێش خەریکی دروست کردنی فیلمێک بوو کە سەگەکان تێیدا رۆڵی زۆریان هەبوو. ئەم سەگانەیان لە جێگایەکی وڵاتی هائیتی بە خێو دەکرد. هەل و مەرجی بژێوی گشتی ئەم سەگانە باشتر بوو لە بژێوی کرێکارانی ئەو ناوچەیە کە ئەو سەگانەیان بە خێو دەکرد. لە کاتێکدا کە کرێکارانی ناوچەیی لەووڵاتە لە بوونی شوێنی ژیانی گونجاو، خواردن و جل و بەرگ و هەوای باش بێبەش بوون، ئەو سەگانە لە "هەل و مەرجێکی باشی بژێویدا" دەژیان.

ئەمە نموونەیەکە لەو سەدان نموونەیە کە لە ئاکامی دەسەڵاتداریتی "ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی" وە لەم جیهانەدا بەرچاو دەکەون. گلۆبالیزاسیۆن و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بەردەوام و هاوکات لە لایەکەوە سامانی لە رادەبەدەر لە لایەکیترەوە هەژاری وماڵوێرانکەر بەرهەم دێنێتەوە. بە رای نووسەری ئەم کتێبە "داروینیسمی کۆمەڵایەتی" هیچ کات ناتوانێت پاساوێک بۆ ئەو کۆمەڵگەیانە کە تووشی هەژاری و نەداری بوون و بۆ بە ملیۆن ئینسانی هەژار بێنێتەوەو هیچ هۆکارو جێگایەک بۆ "ئەخلاقیات" لەم پەیوەندە کۆمەڵایەتییەدا نییە.

ساڵی ١٩٩٧ یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای "ئیستمەن کوداک" بڕیاری دا کە کۆمپانیاکەی دا بخات. ئەم بڕیارە بووە هۆی بێکاری دەیان هەزار کارمەندو کرێکاری کۆمپانیای "کدال". نموونەیەکیتر، "سانفووری رووباڵ" بەرپرسی "travels" بڕیاری دا کە ئەم کۆمپانیایە لەگەڵ

کۆمپانیایەکیتر بە ناوی "Citicorp" تێکەڵ بکات. لە ئاکامی ئەم کارەدا، لە لایەکەوە دەیان هەزار کەس لە کرێکاران و کارمەندانی ئەم دوو کۆمپانیایە بێکار کران و لە لایەکیترەوە، بەڕێوەبەری ئەم کۆمپانیا ٢٣٠ ملیۆن دولار قازانجی کردووە.

تالان کردن و بە فیرۆدان لە لایەن خاوەنانی کۆمپانیا جیهانییەکانەوە، تەنیا کۆمەڵانی ملیۆنیی ئینسانی کرێکارو زەحمەتکێش ناگرێتەوە، بەڵکوو لە ناو خودی ئەو کۆمپانیایانەدا ئەم تالان و کاولکارییە بە ڕێوە دەچێت. بۆوێنە بەرپرسی کۆمپانیای فرۆکەوانی وڵاتی سوید، لە کاتی گرێبەستدا مەرج دادەنێ کە ئەگەر ئەو کۆمپاینایە بە هۆی خراپی بەڕێوەبردن، تووشی هەڵشکان هات، نابێ بەڕێوە بچێت و دەست و پێوەندەکانی تووشی زەرەرو زیان بن. ئاغای "مابوو کوورتی" پێش لە هەڵکشانی ئەم کۆمپانیایە دوازدە ملیۆن دولار و نیوی وەکوو پاداشی ٥ ساڵی ئاخری کار کردن، وەرگرتووە.

ئەمە دەری دەخات کە ئەم بەرپرسە بۆیە لە کاتی گرێبەستەکەدا ئەو مەرجانە دێنێتە ئاراوە چونکە دەزانێت کە ئەم کۆمپانیایە تووشی هەڵشکان دێت.

ئەم سات و سەوداو تالانکارییە لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێت کە هەزاران کەس لە کارمەندان و کرێکارانی ئەم کۆمپانیایە لە هەموو مووچەیەکی خانەنشینی بێبەشن، مووچەیەک کە بەرهەمی ساڵانی کارو رەنجی ئەوانە.




بە پێی نووسراوەی گۆڤاری "لۆمۆند" لە ئاکامی تێکەڵ کردنی دەیان کۆمپانیای گەورە، بە ملیۆن ئینسان کاری خۆیان لە دەست داوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە باری ئابوورییەوە هیچ پێویستیەک بۆ تێکەڵ کردنی ئەم کۆمپانیایانە لە ئارادا نەبوو. ئەم کارە تەنیا لە پێناو پاوانخوازی و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی تاکەکەسی بەڕێوەبەرانی ئەم کۆمپانیایانە بەڕێوە چوو ئەم کارەساتەی لێکەوتەوە. زەرەرو زیانی تێکەڵ کردنی ئەم کۆمپانیایانە کە هیچ پێویستیەک بۆ تێکەڵ کردنیان نەبوو، نزیک بە حەوت سەدو بیست ملیارد دولار بوو.

بەرپرسی کۆمپانیای "ئنروان" کە یەکێکە لە دە کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا کە پارەی بەڕێوە چوونی پرۆسەی دوایین هەڵبژاردنی بووشی لە ئەستۆ بووە، دوای ئەوەی کە هەڵشکاوە نزیک بە ٢٥٠ ملیۆن دولار یارمەتی لە دەوڵەت وەرگرتووە.

دوای سەرکەوتنی بووش لە هەڵبژاردنەکان، ئەم کۆمپانیایە لە گرێبەستە نەوتییەکاندا لە سەرتاسەری جیهان بە شێوەیەکی نادیارو گوماناوی سەرکەوتنی بە دەست هێناوە.

هەڵکشانی دواتری ئەم کۆمپانیایە، دیسان ئاکامی سات و سەودای سیاسی و گوماناوی بوو، بە مەبەستی تالان کردنی بەرهەمی کارو رەنجی دەیان هەزار کرێکار، کە ئەو پارەیان بۆ دەورانی پیری و لە کار کەوتنیان وەکوو پاشەکەوت لەو کۆمپانیایە بە ئامانەتیان دانا بوو.

"ڕێ گرتەکان"

مەبەستی نووسەری ئەم کتێبە لەوشەی "کرێ گرتەکان" ئەو کۆڵەکە سەرەکییانەیە کە جیهانی بوونی لە سەر دامەزراوە. ئەو کۆڵەکانە بریتین لە: ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، سندووقی نێونەتەوەیی دراو و بانکی جیهانی.

"ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی" پەرەپێدەری سەرەکی بازرگانییە لە نێوان وڵاتانی دنیا. ئەم ڕێکخراوە تێدەکۆشێ کە گرێ بەستی بازرگانی لە نێوان وڵاتاندا ڕێک بخات. دەبێ ئەوەش بلێین کە ئەم ڕێکخراوە تێدەکۆشێ کە خۆی وەک ڕێکخراوێکی بە تەواوی بازرگانی نیشان بدات، بەڵام لە کردەوەدا وا نییە. ئەم ڕێکخراوە لە کاروباری دادوەری و دەسەڵاتدارێتیدا دەستێکی باڵای هەیە.

لە ناو ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیدا هەتا ئێستا، دەوڵەتی ئەمریکا زۆرترین سکاڵای لە دژی خۆی هەبووەو ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لە بارەی پەنجای ئەم سکاڵایانەوە دادوەری کردووەو بڕیاری داوە.

گرێبەستەکانی نێوان ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و وڵاتان، ئاڵۆزو زۆرجار ڕەش بینانەیە. مەرجەکان و خاڵەکانی ئەم گرێبەستە جۆرێکە کە هەڵێنجان و خوێندنەوەو لێکدانەوەی جۆراو جۆری لێدەکرێ، بە جۆرێک کە زۆرێک لەووڵاتانە لە کاتی گرێبەست و ئیمزای بەڵێن نامەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بە باشی لە ناوەڕۆک و چەمکی گرێ بەستەکە تێناگەن، هەر بۆیە دوای ماوەیەک بۆیان روون دەبێتەوە کە لە ناو چنگ و پاوانی کۆمپانیا فرەنەتەوەکاندا گیریان خواردووە.

لە راپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە مەڕ مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی دوو هەزار لە ژێر ناوی "باسێکی بنەڕەتی سەبارەت بە بازرگانی و چەوساندنەوەی نێونەتەوەیی" دا هاتووە:

ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی W.T.O بە تەواوی لە ژێر کاریگەری کۆمپانیا گەورەو فرەنەتەوەیی و نێونەتەوەییەکاندایە.

وادیارە کە بەڕێوە چوونی بەرنامەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی سامناکە. راپۆرتەکانی ئەم ڕێکخراوە لە سەر هاوردەو هەناردەکان راستییەکان دەرناخات. ئەو فەرشە بەنرخ و گرانبەهایانەکە لە "شانزە لیزە"ی پاریس بۆ فرۆشتنی پیشان دەدرێت و بەرهەمی وڵاتی پاکستانە، بە دەستی منداڵانی تەمەن ژێر پازدە ساڵ بە هەقدەستێکی زۆر کەم بەرهەم هاتووە و بۆ ئەم کارەش سۆمای چاوکانیان لە دەست داوە.

بانکی جیهانی، قەرزەکانی خۆی لە ڕێگەی دامەزراوەکانی سەر بە خۆی لەوانە: بانکی جیهانی بووژانەوەو گەشەپێدان، کۆمەڵەی گەشەپێدانی نێونەتەوەیی، کۆمپانیای ماڵی نێونەتەوەیی پارێزەرە چەند لایەنەکان کە بەرپرسیارێتی سەرمایەگوزارییان لە ئەستۆیە، دەدات بەوڵاتان. بانکی جیهانی خاوەن دەسەڵاتێکی بە هێزو بێسنوورە. ئەم بانکە بڕیار دەدات کە بە چ مەرجێک و بۆ چ بەرهەمێک قەرز بدات بەوڵاتان. ئەم بانکە لە پەیوەند لەگەڵ ئەووڵاتانەی کە قەرزیان پێدەدات، یاساو ڕێسایەکی توندو تۆڵی هەیە. لە کاتی بەستنی گرێبەستدا لە هەر جۆرە هەل و مەرجێکی سیاسی خۆ دەبوێرێ و ڕێککەوتنەکان بە پێی "رەزامەندی واشنتۆن" بەڕێوە دەچێ.

بانکی جیهانی راپۆرتی ساڵانەی خۆی سەبارەت بە چالاکییەکانی خۆیی و هەل و مەرجی جیهان بڵاودەکاتەوە کە جێگای باوەڕو ڕێزی دامەزراوە ئاکادمی و توێژینکارییەکان. بەڵام لە ساڵانی رابوردوودا ئەم راپۆرتانە سەرکەوتوو نەبوون. چونکە بانکی جیهانی لەم راپۆرتانەدا هەمیشە لایەنی قازانجی ئابووری لە بەر چاوە. ئەم بانکە لە بوارەکانی گەشە پێدانی ئۆمانیزم، مافەکانی مرۆڤ و خزمەت کردن بە مرۆڤایەتی رابوردوویێکی باشی نەبووە، هەربەم هۆیە کەوتۆتە بەر رەخنەی "سەنتەری رۆم" لە ئیتالیا. لە ئاکامی ئەم رەخنانەدا لەم ساڵانەی دواییدا ئەم بانکە شێوەی راپۆرت دانی خۆی گۆڕیوەو لە هەندێک شوێن ئاورێکی لە لایەنی ئینسانی و کۆمەڵایەتی دەداتەوە. ئێستا راپۆرتی خۆی لە ژێر ناوی "گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی" بڵاو دەکاتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٢دا بەرپرسی بانکی جیهانی لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا حازر بووووەڵامی هەندێک لەو پرسیارانە کە رووبەڕووی کرانەوە، دایەوە. ئەو لە وەڵامی پرسیارێکدا کە پرسیبووی ئایا یارمەتییە ماڵییەکانی ئەو بانکەکە بۆ گەشە پێدان دەدرێت بەوڵاتان، دەدرێت بە هەژاران یان نا؟ ئایا ئەم قەرزانە گۆڕانێک لە ژیانی بێبەشاندا پێک دێنێ؟ وتی: نازانم. لەم کاتەوە ئەم بانکە بەرنامەیەکی بۆ خەبات لە دژی "گەندەڵی" خستۆتە بەرنامەی کاریی خۆیەوە.

لە ناو سندووقی نێونەتەوەیی دراودا جۆرێک لە "دیمۆکراسی" پەیڕەو دەکرێ. لە ناو ١٨٣ ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیەدا هەرکەس بە پێی رادەی بەشداری کردن لە بواری سەرمایەگوزاری لەم ڕێکخراوەیەدا، مافی دەنگدانی هەیە. دەوڵەتی ئەمریکا بە تەنیا ١٧٪ لە کۆی دەنگەکانی بۆ خۆی تەرخان کردووە.

دەتوانین بلێین سندووقی نێونەتەوەیی دراووەکوو هێزێکی ئاگرکوژانەوە لە کۆمەڵگەی جیهاندا رۆڵ دەبینێ. بەڵام دەبێ بوترێ کە ئەم ئۆرگانە ئاگرکوژێنەوە لە زۆر جێگاو کاتدا ئەرکەکانی خۆی بە دروستی جێ بە جێ نەکردووەو نەیتوانیوە ئەو ئاگرە کە هەڵگیرساندووە بکوژێنێتەوەو بەر بە سووتانی ئەندامەکانی خۆی بگرێ. نموونەی ئەم ئاگر کەوتنەوەیە، ئەو ئاگرە بوو کە کەوتە ئەمریکای باشوورو ئارژانتینی تێدا سووتا.

سەرهەڵدانی هێزێکی نوێ لە کۆمەڵگەی جیهانیدا لە بەرامبەر جیهانی بوون-، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی دراو کە جگە لە تالانکردن و بە فیرۆدانی سەروەت و سامانی گشتی و لە ناو بردنی ژینگە لە پێناو ئامانجە قازانج پەرستانەکانی خۆیان، ئامانجێکیتریان نییە، هێزێکی نوێ سەری هەڵداوە کە شێلگیرانە لێرەو لەوێ بە دژی ئەم دەستدرێژییە ئاشکرایە خەبات دەکات. لە ساڵی ٢٠٠١دا نزیک بە ٣٠٠ هەزار کەس کە لە لایەن هەزار سەندیکاو ڕێکخراوی کۆمەڵایەتییەوە نوێنەرایەتی دەکران و سەر بە ٨٢ وڵاتی جیهان بوون، لە شاری "جنوا"ی ئیتالیا بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە کۆبوونەوەی سەرانی وڵاتانی ناسراو بە "G8" کۆبوونەوە. لە ساڵی ٢٠٠٢دا زیاتر لە ٦٠٠٠ کەس بە نوێنەرایەتی لە هەزار ڕێکخراوو سەندیکا لە پێنج قارەی جیهانەوە لەوڵاتی بەرازیل کۆ بوونەوەو نەیانهێشت سەرانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و ...هتد، گەڵاڵەو بڕیارنامە زاڵمانەکانیان بە دژی بە میلیار ئینسان لە سەرتاسەری جیهان پەسند بکەن.

ئەم هێزە تازەیە کە ئێستاو بۆ بەرگری لە ژیانی مرۆڤایەتی سەری هەڵداوە چییەو لە چ ڕێکخراو گەلێک پێک هاتووە؟ ڕێکخراوی تازە لە گرووپ و کۆڕو کۆمەڵی جۆراو جۆر پێک هاتوون کە ئاماژە دەکەین بە هەندێک لەوانە: ڕێکخراوە کرێکارییەکان، یەکێتییەکان و سەندیکاکان، بزووتنەوە جووتیارییەکان، ڕێکخراوەکانی ژنان، کۆمەڵەی ناوچەیی و شارۆمەندانی جۆراو جۆری وەک سوور پێستەکان، دامەزراوە نادەوڵەتییەکان (NGO) ڕێکخراوی نادەوڵەتی "ئۆتاک" کە ئامانجی خەباتە لە دژی ئەو باجانەکە بە زەرەری شارۆمەندانی هەژارن، ڕێکخراوە مەزهەبی مەسیحییەکان کە ئامانجیان هەڵگرتن و لابردنی قەرزی وڵاتانی فەقیرو هەژارە، ئەم ڕێکخراوە مەسیحیانە توانیویانە ١٧ ملیۆن ئیمزا بۆ پشتگیری لە خواستەکانیان لە سەرتاسەری جیهاندا کۆ بکەنەوە، ڕێکخراوی هەژاران لەوڵاتی تایلەند کە نیو

**لە ئاکامی تێکەڵ کردنی دەیان کۆمپانیای گەورە، بە ملیۆن ئینسان کاری خۆیان لە دەست داوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە باری ئابوورییەوە هیچ پێویستیەک بۆ تێکەڵ کردنی ئەم کۆمپانیایانە لە ئارادا نەبوو. ئەم کارە تەنیا لە پێناو پاوانخوازی و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی تاکەکەسی بەڕێوەبەرانی ئەم کۆمپانیایانە بەڕێوە چوو ئەم کارەساتەی لێکەوتەوە. زەرەرو زیانی تێکەڵ کردنی ئەم کۆمپانیایانە کە هیچ پێویستیەک بۆ تێکەڵ کردنیان نەبوو، نزیک بە حەوت سەدو بیست میلیارد دولار بوو**

ملیۆن جووتیار لە خۆ دەگرێ، تۆڕی بەربڵاوی جیهانی سێهەم لە مالیزی کە پێک هاتووە لە ڕێکخراوی خەباتگێڕی جۆراو جۆر، ڕێکخراوە پسپۆڕییەکانی بواری منداڵان، دابین کردن و یارمەتی گەیاندنی جیهانی، هەروەها زۆر ڕێکخراوی نێونەتەوەیی و ناوچەیی کە بە شێوەی راستەو خۆ لەگەڵ ئەم گرووپانە هاوکاری ناکەن، بەڵام بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە خواستەکانی ئەوان بەرگری دەکەن، وەکوو: ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی. ■